Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# مۆم و نیـگا

راویێژ هیرانی



ئەمشەو چرا مۆمی ئەوێ و
منیش مۆمم دەتوێـمەوە!
ئەمشەو چاوم ئەشکی ئەوێ و لەناو گریـان ئەتلێمەوە!
کێ دەزانێ ..
من خەمی چیم لەبەردایـە؟
کێ دەزانێ ..
من شەونمی کامە گوڵم
لەسەر خەمی کام شەماڵی هەناسەی خۆم دایە؟!

ئەمشەو من
غوربەتێکم بێ ناونیـشان
ئەمشەو من
دەربەدەرێکم بێ وڵات و بێ نیـشتمان

ئەمشەو من ...
ئازارێکی گەورەم پێیە
ژانی گەورەی ئەوینـێکم
لە ناخ هەڵگرتووە
هی ژوانێکی مۆنالیزای نیگارەکەی خۆرەتاوی سبەینێیە!

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete




# مۆمی عیشق

توامەوە لە شەوە زەنگی ئەم ژینە
مۆمێك بووم و
بێ دار ئەژیام
کاتێك لەسەر مێزی خەمێ
گیرسامەوە
توامەوە
بەسەر خۆما .. بەسەر تۆدا
بەسەر سرووشت ... بەسەر شەویش
توامەوە!
هەر هێندە گێژی کردوومە
حیکمەتی تینم تەواو بوو ..
من نازانم سەبری ئەیوبم
یا سەبری عەشق....
بۆ تا ئێستا نەبڕامەوە؟!

ئەم دوو شعرانە لە دیوانی (سەرابە ئاتەشییەکانی راویژ) کە لە ساڵی 1996
چاپکراوە،بڵاوکراوەنەتەوە.